DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi10.340

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ستراتیژی میدیای جەنگیی و رێکخستنەوەی ئەرکی سەنتەری میدیای وەزارەتی پێشمەرگە لە دۆخی جەنگ دا

**م.د. محمد عمر کاکە**

بەشی کارگێری کار – پەیمانگای تەکنیکی چەمچەماڵ - زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

mohammed.kaka@spu.edu.iq

## پوختە:

ئـەم توێژینەوەیـە بریتییـە لـە دووبـارە رێکخسـتنەوەی ئەرکـی سـەنتەری میدیـای وەزارەتـی پێشـمەرگە لـە کاتـی جەنـگ و ئاڵۆزییـە سـەربازییەکان و پۆلێنکردنـی هـەواڵ و زانیارییەکانی میدیـای جەنگیی لەسـەر ئاسـتی (هێـزی چەکدار – هاونیشـتمانی – رای گشـتی هەرێمـی و جیهانـی)، هـەروەک ئامانجـی ئـەم توێژینەوەیـە بـە سـتراتیژیکردنی ئەرکەکانـی سـەنتەری میدیـای وەزارەتـی پێشـمەرگەیە، لـە چۆنێتـی رووماڵکردنـی بەرەکانـی جەنـگ و کۆنترۆڵکردنـی شـێوازی بڵاوبوونـەوەی هـەواڵ و زانیارییـەکان و رێکخسـتنەوەی ئەرکـە میدیاییەکانی لـە کاتی جەنـگ دا. مشـتی توێژینەوەکـە پێکهاتـووە لـە پلانڕێژی سـتراتیژی بـۆ جێبەجێکردنـی ئەرکـی سـەنتەری میدیـای وەزارەتـی پێشـمەرگە. لـە چوارچێـوەی میتـۆدی لێکۆڵینـەوەی دۆخـی وەسـفییە، لـە رێـی ئامـرازی چاوپێکەوتـن و تێبینی باسـی دۆخـی ئەرکـە میدیاییەکانـی سـەنتەری میدیایـی وەزارەتـی پێشـمەرگە کـراوە. توێـژەر سـێ رێوشـوێن وەک سـتراتیژ بـۆ رێکخسـتنەوەی دۆخـی میدیـای جەنگیـی لەوەزارەتـی پێشـمەرگە خسـتووەتەڕوو، کـە بریتیـن لـە: رێوشـوێنی میدیایـی، یاسـایی، سـەرچاوەی مرۆیـی. توێـژەر بـەو ئامانجانـە گەیشـتووە کـە سـەنتەری میدیـا لـە وەزارەتـی پێشـمەرگە لـە کاتـی شـەر و ئاڵۆزییـە سـەربازییەکان دا رووبـەڕووی هێـزی پێشـمەرگە بووەتـەوە کەمتریـن ئەرکـی میدیـای جەنگیـی جێبەجێکـردووە، ئەمـەش بەهـۆی نەبوونـی پاڵپشـتی یاسـایی و توانایـی مرۆیـی پرۆفیشـناڵ لـە بـواری میدیـای جەنگیـی دا، هەروەهـا سـتراتیژێکی پـلان بـۆ دارێـژراوی نەبـووە بـۆ دیاریکردنـی نەخشـە رێگای کارکردنـی لـە کاتـی روودانـی شـەر و ئاڵۆزییـە سـەربازییەکان دا و چۆنێتـی رووماڵکردنـی بەرەکانـی جەنـگ و کۆنترۆڵکردنـی شـێوازی بڵاوبوونـەوەی هـەواڵ و زانیاریـی و وێنـە، بۆیـە توێژینەوەکـە راسـپاردەکانی ئاراسـتەی لایەنـە پەیوەندیـدارەکان ئـەکات لـە وەزارەتـی پێشـمەرگە بـە مەبەسـتی کۆنترۆڵکردنـی شـێوازی بڵاوبوونـەوەی هەرەمەکـی هـەواڵ و زانیاریـی و وێنەکانـی مەیدانـی جەنـگ و رێکخسـتنەوەیان پاڵپشـت بـە رێنمایـی یاسـایی، هەروەهـا گرنگیـدان بـە سـەرچاوە مرۆییەکانـی سـەنتەری میدیـا بەمەبەسـتی بەرزکردنـەوی ئاسـتی میدیـای جەنگیـی وەزارەتـی پێشـمەرگە، ئەمـەش بـە دارشـتنی سـتراتیژێکی تۆکمـە و بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەو نوێگەرییانـەی لـە دۆخـی ئەرکەکانـی میدیـای جەنگیـی هاتونەئـاراوە.

**کلییلە وشەکان: میدیای جەنگیی، ئەرکی سەنتەری میدیا، وەزارەتی پێشمەرگە، دۆخی جەنگ.**

Recieved: 26/7/2023
Accepted: 28/9/2023

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

میدیای جەنگیی پایەیەکی سەرەکی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانییە، هەواڵ و بارودۆخی جەنگ دەگوازێتەوە بۆ هاونیشتمانیان و رای گشتی جیهانی بە لەبەرچاوگرتنی جۆر و هەستیاری هەواڵ و زانیارییەکان و کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی نیشتمانی وڵات( Арно Мерсье,٢٠٠٥:٦٤)، بوونی ئەم جۆرە میدیایە پێداویستییەکی سەرەکی وەزارەتی پێشمەرگەیە، تاوەکو بتوانێت تێگەیشتنێکی زانستیی هەبێت بۆ میدیای جەنگیی و ئەرکەکانی لە کاتی جەنگ و ئاڵۆزییە سەربازییەکان دا.

هەرێمی کوردستان لەسەرەتایی دروست بوونییەوە لە ساڵی (١٩٩١)ەوە بە ژمارەیەك جەنگ دا تێپەڕیوە، ئەمەش پاشخانێکی بەجێهێشتووە بەتەواوەتی هەست بە کاریگەرییەکانی ئەکەین لەسەر تەواوی کایەکانی ژیان، یەکێك لەو گرفتە سەرەکییانەی کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر دۆخی هەرێمی کوردستان، بریتییە لە شێوازی گواستنەوەی هەوڵ و زانیارییەکانی جەنگ لەلایەن میدیاکانەوە یان تاکەکانی نێو هێزەچەکدارەکان کە بەشێوەی کەسی بڵاویان دەکاتەوە لە سۆشیاڵ میدیا دا، هەروەها ئەو هەڵە و گرفت و مەترسییانەی بەهۆی ئەم جۆرە رووماڵە رۆژنامەوانییانەوە لەکاتی جەنگەکان دا روودەدەن ، بابەتێکی گرنگە  و پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت.

لەم سۆنگەیەوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ ئاشنابوون بە میدیای جەنگیی و پۆلێنکردنی ئەرکەکانی ئەم جۆرە میدیا تایبەتمەندە، هەروەها خستنەڕووی رێوشوێنی بە ستراتیژیکردنی قۆناغەکانی کارکردن و دانانی نەخشەرێگایەک بۆ  دۆخی کارکردنی سەنتەری میدیا لە وەزارەتی پێشمەرگە.

### یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوەکە:

### ١/تایبەتمەندییەکانی توێژینەوە: ( کێشەی توێژینەوەکە)

کێشەی ئەم توێژینەوەیە نەبوونی ستراتیژێکی روونی میدیای جەنگییە لە وەزارەتی پێشمەرگەی١* حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دۆخی جەنگ و پەلامار و ئاڵۆزییە سەربازییەکاندا، بە مەبەستی دیاریکردنی چۆنێتی رووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڵە میدیاییانەی لە شێوازی کارکردن و گواستنەوەی هەوڵ و زانیارییەکانی دۆخی جەنگ لەلایەن میدیاکانەوە بەگشتی روودەدەن ، هەروەها نەبوونی ئەو ستراتیژە هۆکارە بۆ سوود وەرنەگرتن لە رۆڵ و تایبەتمەندییەکانی میدیای جەنگیی لە رووماڵکردنی بارودۆخی جەنگ، هەروەک دەرگای بە ڕووی تاکەکانی نێو هێزە چەکدارەکاندا کردووەتەوە کە بەشێوەی کەسی لە سۆشیاڵ میدیا دا هەواڵ و زانیاری جەنگەکان  بڵاوبکەنەوە و کێشەی گەورە بۆ هێزی سەربازی دروست بکەن.

لێرەدا هەندێک پرسیار دێتە ئاراوە:

١- ئایا سەنتەری میدیای وەزارەتی پێشمەرگە پۆلێنی هەواڵ و زانیارییە بڵاوکراوەکانی خۆی ئەکات بە پێی (پێویستی زانین) لەسەر ئاستی (هێزی چەکدار – هاونیشتمانی – رای گشتیی هەرێمیی و جیهانیی).

٢- ئایا ئەو هەنگاوانە چین سەنتەری میدیای وەزارەتی پێشمەرگە ناوێتی بۆ رێگرییکردن لە مەترسیەکانی بڵاوبوونەوەی هەواڵ زانیارییەکانی شەر و جەنگەکان بە شێوازێکی هەڕەمەکیی و مەترسیدار لەسەر ئاسایشی سەربازیی؟

٣- ئایا بە بێ بوونی ستراتیژێکی ورد و روون  بۆ بڵاوکردنەوەی  هەواڵ و زانیاری و وێنەی بەرەکانی جەنگ،

١ * پێشمەرگە وەك پاسەوانی هەرێم و بەشێك لەسیستمی بەرگری عێراق لەدەستوور پێناسەکراوەو لە ٢٠٠٥ ئەوە بە دەستوور و یاسا چەسپێنراوە.

سـەنتەری میدیـای وەزارەتـی پێشـمەرگە  ئەتوانێـت کۆنترۆڵـی بـواری میدیـای جەنگیـی بـکات ؟
٤-ئایا  بوونـی خانـەی راگەیاندنـی جەنگیـی تـا چەنـد ئەتوانێـت لـە کاتـی روودانـی شـەر و پێکدادانـدا، کاری میدیـای جەنگـی لـە نـاو هێـزە چەکدارەکانـی وەزارەتـی پێشـمەرگە کۆنتـرۆڵ بـکات و چارەسـەری خێـرا و زامنکـراو بـۆ ئاڵنگارییەکانـی بـەردەم رووماڵـی مەیدانـی جەنـگ دەسـتەبەر بـکات.
٥- ئایـا ئـەو رێوشـێنانە چیـن پێویسـتە وەزارەتـی پێشـمەرگە بیگرێتەبـەر بـۆ چۆنێتـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ میدیـای ناوخـۆی و دەرەکییـەکان بـە تایبـەت لـە کاتـی تەنگـەژە سـەربازیەکان دا.

## ٢/ گرنگی توێژینەوەکە

گرنگـی ئـەم توێژینەوەیـە بریتیـە لـە دیاریکـردن و دارشـتنەوە سـتراتیژی میدیایـی بـۆ سـەنتەری میدیایـی وەزارەتـی پێشـمەرگەی حکومەتـی هەرێـم لـە دۆخـی جەنـگ و ئاڵوزییـە سـەربازییەکان دا، هەروەهـا نیشـاندانی سـوود و رۆڵـی میدیـای جەنگیـی بـۆ رێگریکـردن لـە مەترسییەکانی بڵاوبوونـەوەی هـەواڵ و زانیارییەکانـی جەنگـەکان بـە شـێوازێکی هەرەمەکـی، هـەروەک خسـتنەرووی سـتراتیژی  لـە چوارچێوەنـان و دارشـتنەوەی هـەواڵ و زانیارییـەکان بـە پێیـی بەرژەوەندییـە سـەربازی و نشـتیمانییەکان ، هـەروەك رێـگای زانسـتی نـوێ دەخاتـە بـەردەم هێزەچەکدارەکان بـۆ تێگەیشـتن لـە رۆڵ و ئەرکـی میدیایـی جەنگیـی و پۆلێنـی ئەرکەکانـی میدیـای جەنگیـی دەکات بـە مەبەسـتی زانینـی تایبەتمەندێتـی جۆرەکانـی جەماوەرەکـەی و سـتراتیژی یاسـایی و سـەرچاوەی مرۆیـی و میدیایـی بـۆ رێکخسـتنەوەی ئەرکـە میدیاییـەکان ئەخاتـەڕوو.

## ٢/ ئامانجی توێژینەوە :

١- بـە سـتراتیژیکردنی کارەکانـی سـەنتەری میدیـای وەزارەتـی پێشـمەرگە لـە چۆنێتـی رووماڵکردنـی میدیـای بەرەکانـی جەنـگ و کۆنترۆڵکردنـی شـێوازی بڵاوبوونـەوەی هـەواڵ و زانیارییـەکان بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی ئاڵنگارییـە میدیاییەکانـی جەنـگ لـە دۆخـی جەنگـدا.
٢- خسـتنەڕووی نەخشـە رێـگای دیاریکردنـی ئەرکـی میدیـای و پۆلێنکردنـی هـەواڵ و زانیارییـە بڵاوکراوەکانـی میدیـای جەنگیـی لەسـەر ئاسـتی (هێـزی چەکـدار – هاونیشـتمانی – رای گشـتی هەرێمـی و جیهانـی).
٤- تیشـك خستنەسـەر گرنگـی تیـۆری لـە چوارچێوەنانـی زانیـاری و وێنـەکان و ڤیدیویـی جەنـگ و بـە پێـی بەرژەوەندییـە باڵاکانـی هێزەچەکـدارەکان و ئاسایشـی نیشـتمانی، روونکردنـەوەی چۆنێتـی پێدانـی زانیـاری و گرنگـی نەشـاردنەوەی راسـتییەکانە لـە هاوڵاتیـان لـە دۆخـی جەنگـدا.
٥- رێکخسـتنی کاری میدیـای جەنگـی لـە نـاو هێـزە چەکـدارەکان و چالاککردنـی خانـەی راگەیاندنـی جەنگـی لـە کاتـی روودانـی جەنـگ.

کۆمەڵـگەی توێژینەوەکـەش بریتییـە لـەو کۆمەڵگەیـەی توێـژەر مشـتی توێژینەوەکـەی تێـدا هەڵدەبژێرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە سـەنتەری میدیـای وەزارەتـی پێشـمەرگە هەڵبـژاردووە وەک لایەنـی فەرمـی و بەرپـرس لـەم بابەتـە.

٣/ میتۆدی توێژینەوەکە:

میتـۆدی توێژینەوەکـە: بـە پێـی سروشـتی توێژینەوەکـە، میتـۆدی لێکۆڵینـەوەی دۆخـی وەسـفی بەکارهاتـووە، ئەمـەش بـە پێـی ئـەوەی جەنـگ دۆخێکـی دیاریکـراوە و وەک رووداوێـک دەستنیشـان ئەکرێـت و لـە چەنـد بارەبوونەوەیـدا هەمـان مامەڵـەی لەگەڵـدا ئەکرێـت، بۆیـە لێـرەدا بەئامانجـی لێکۆڵینـەوە لـە رۆڵ و ئەرکـی میدیـای جەنگیـی لـە دۆخـی شـەر و ئاڵۆزییـە سـەربازییەکاندا و باسـکردنی ئـەرک و ئامانجەکانـی و پۆلێنکردنـی پەیامەکانـی بـە پێـی ئاسـت

و جۆری وەرگرەکان، ئەم میتۆدە هاوکارە بۆ تێگەیشتنێکی قووڵ لە دۆخێک پاشان جێبەجێکردنی بەسەر هاوشێوەکانیدا، هەروەها توانای دارشتنی ستراتیژی بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی دۆخێکی دیاریکراو دەستەبەردەکات، پاشان ئەتوانرێت جێبەجێبکرێت بە سەر هەموو ئاڵۆزیە سەربازییەکان دا.

**مشتی توێژینەوەکە:**

**ئەرک و کارەکانی سەنتەری میدیای وەزارەتی پێشمەرگە لە کاتی جەنگ و دۆخە نەخوازراوەکان.**

٤/ توێژینەوەکانی پێشوو:

١/ توێژینەوەی(Лимань ،٢٠٢١):

توێژینەوەی ماستەرە لە زانکۆی سانت پیتەر بورگی حکومی (*Санкт-Петербургский государственный университет* )توێژەر لیو لیمان ئەنجامیداوە، توێژینەوەکی (لێکۆڵینەوەی دۆخ) ە. لە توێژینەوەکەدا باس لەو هەل و ئاڵنگارییانە کراوە لە ئێستادا هاتونەتە ئاراوە بۆ پێشکەوتنەکانی میدیای جەنگیی چینی لە سەردەمی میدیای نوێدا، ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی ئەو هەلانەی میدیای نوێ رەخساندوویەتی بۆ میدیای جەنگیی چینی، هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو لەمپەڕانەی رووبەڕووی ئەم پرۆسە نوێگەرییە بووەتەوە، هەروەک لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا هاتووە پێویستە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی بەرگری و سەربازی حکومەتی چینی میدیای نوێ بە کاربهێنرێت، بەمەبەستی قۆستنەوەی ئەو هەلە کاریگەرانەی رەخساندوویەتی بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژە سەربازییەکان، هەروەها هەلی ئەوەش بۆ لایەنی سەربازی دەوڵەت دەرەخسێنێت سەردەمێکی نوێ بێنێتە ئاراوە لە ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ستراتیژە سیاسییە سەربازییەکانی بۆ کاریگەریدانان لەسەر جیهانی دەرەکی و ناوخۆیی،ئەمەش لەسەر هەردوو ئاستی مەدەنی و سەربازی ،خاڵی هاوبەشمان لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئاڵنگارییەکانی بەردەم میدیای جەنگیی و ئەو هەلانەی کە میدیای نوێ رەخساندوویەتی بۆ کاری میدیایی لە بواری سەربازی دا.

٢/توێژینەوەی(Мельников ،٢٠١٤):

توێژینەوەکی (وەسفی ،شیکاری)یە ڤلادیمیر ئەنەتۆلێڤیچ مێلنیکۆڤ ئەنجامیداوە. توێژەر باس لە دۆخی چاکسازی میدیای سەربازی رووسی دەکات، ئەو قەیرانانەی خستووەتە بەرچاو کە رووبەڕووی پرۆسەی چاکسازیکردنەکە بووەتەوە، لەسەرەکیترین ئامانجەکانی باسکردن و خستنەڕووی شێوازی نوێی کاری میدیای سەربازیە، بەمەبەستی گونجاندنی لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەی لە هەردوو بواری میدیایی و سەربازیدا هاتونەتە ئاراوە، هەروەها چۆنێتی پشتبەستن بە میدیای سەربازی لە کاتی جەنگدا، هەروەک لە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتووە وەزارەتی بەرگریی روسیا پێویستی بە نوێکردنەوەی شێوازی چۆنێتی مامەڵەکردن و بەکارهێنانی میدیایی سەربازی هەیە، هەروەها ئەبێت چاکسازی لەو رێکارانە بکات کە بەشدارن لە پرۆسەی بریاردان لە چۆنێتی بڵاوکردنەوەی پەیام و هەواڵ و زانیاری سەربازی لە کاتی جەنگدا، خاڵی هاوبەشمان لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا بریتییە باسی ئەو قەیرانانە دەکات کە رووبەڕووی میدیای سەربازی بووەتەوە، هەروەها ئەو رێوشوێنانەی کە پێویستە وەزارەتی بەرگری بیانگرێتەبەر بۆ تێپەراندنی قەیرانەکان .

٣/توێژینەوەی (قراري،٢٠٢٢):

توێژینەوەکی (شیکاری، بەراودکارە)یە. توێژەر رمیساء قراری باس لە کاریگەرییەکانی هەردوو دامەزراوەی سەربازی و دەزگاکانی راگەیاندن ئەکات بەسەر ئامانجەکانی یەکترەوە بە تایبەت لە کاتی جەنگدا، دیاریکردنی پەیوەندیەکانی نێوان دامەزراوەی سەربازیی و دەزگاکانی راگەیاندنە لە وڵاتانی دیموکراسی ئامانجی سەرەکی

توێژینەوەکەیەتی، بەمەبەستی دەرخستنی ئەو کارلێکەی لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا بوونیان هەیە، هەروەها نیشاندانی خاڵی هاوبەش و جیاوەزەکانی هەردوو لایەن لە پرۆسەی کارکردن لە کاتی جەنگدا، لەم توێژینەوەیەدا توێژەر بە چەند دەرئەنجامێک گەیشتووە لەوانە: پەیوەندی هاوبەش بوونی هەیە لە نێوان هەردوو لایەن بە مەبەستی سوود گەیاندن بە جێبەجێکردنی ستراتیژی کارکردنیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، هەروەها دامەزراوە سەربازییەکان هەوڵدەدەن کارکردنی دەزگاکانی میدیا ئاراستە بکەن بە پێدانی ئەو جۆرە زانیارییانەی خزمەت بە ستراتیژیە سەربازییەکەیان دەکات بڵاو بکرێتەوە، بە پێچەوانەشەوە دەزگاکانی میدیا هەوڵدەدەن بۆ بە دەست هێنانی راستگۆی زانیاری ورد بۆ جەماوەرەکەیان بگوازنەوە و نەهێڵن رای گشتی چەواشە بکرێت، خاڵی هاوبەشمان لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا بریتییە دارشتنی ستراتیژی میدیای بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەزگاکانی میدیا و ئاراستەکردنیان بە پێدانی زانیاری درووست بۆ رێگری کردن لە چەواشەکاری و بڵاوبوونەوەی زانیاری بەشێوەیەکی هەرەمەکی.

## دووەم : چەمکەکان

١-میدیای جەنگیی:

میدیای جەنگیی بە یەکێک لە لقەکانی میدیای گشتی دائەنرێت و لە لایەن یەکەی میدیایی هێزی سەربازییەوە خاوەندارێتی ئەکرێت، بەهۆی وابەستەبوونی بە ئاسایشی نیشتمانییەوە کۆمەڵێک تایبەتمەندێتی هەیە، کە بەتەواوەتی جیای دەکاتەوە لە میدیای ئاسایی، زۆرینەی پێناسەکانی ئەم جۆرە میدیایە لەو چوارچێوەیەدا کۆدەبنەوە کە «میدیای جەنگیی بریتییە لە کەناڵی پەیوەندی نێوان هێزە چەکدارەکان و فەزای گشتی ناوخۆی – دەرەکی. (العقیدي،٤٧:٢٠١٩)

میدیای جەنگیی کۆکەرەوە و شیکەرەوە و دارێژەرەوەی زانیاری، هەواڵ، وێنە، ڤیدیو، پەیام و رێنماییەکانی تایبەت بە دۆخی جەنگ و هێزی سەربازییە ، بە راستاندن و گونجاندنی هەواڵ و زانیارییەکان لەگەڵ بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات، هەروەک بە وەڵامدانەوەی پروپاگەندەی میدیای دوژمن ئامانجە سەربازییەکان دەپارێزێت، هەروەها کۆنترۆڵی بڵاوکردنەوەی جۆر و شێوازی زانیاری و هەواڵەکانی جەنگ دەکات لە هۆکارەکانی میدیایی تایبەت بە خۆی، میدیای ناوخۆ و دەرەوەی وڵات.(دبي ، الفريجي، ٧٠: ٢٠٢١)

بە شێوازێکی تر دەتوانین میدیای جەنگیی باسبکەین بەهەمان بنەماکانی کاری میدیای لە کاتی تەنگژەدا، بە بەڵگەی ئەوەی هەموو دۆخە نەخوازراوەکان لە زانستی رۆژنامەوانیدا بە تەنگەژە پێناسە دەکرێت، کەواتە کارکردن لە دۆخی جەنگدا کە دۆخێکی نەخوازراوە دەچێتە چوارچێوەی کاری میدیای لە کاتی تەنگەژەدا بەمەش کارئاسانیەکی گەورە دەکەین بۆ زانینی چۆنێتی مەمەڵەکردنی میدیاکاری هێزە چەکدارەکان لەکاتی جەنگدا، ئەم بۆچونەش پشت بەستە بەوەی خودی جەنگ بە تەنگژە پێناسە ئەکرێت، «تەنگژە و جەنگ لە هەر دوو بواری پێناساندنی تیوری و جێبەجێکاریدا بەشێوەیەک پەیوەستن بەیەکەوە کە لێکەوتەکانیان هەمان شێواز و دەرئەنجامیان ئەبێت».( شاهين –عبد الحميد،١٠٧: ٢٠١١)

کەواتا دەتوانین بڵێین میدیای جەنگیی بریتییە لە بە جێگەیاندنی ئەرکی میدیای هێزی سەربازی و رووبەڕووبوونەوەی میدیا و پروپاگەندەی دوژمن و کارکردن لە نێو چەندین دۆخ و رووداوی لە ناکاو، یەکلاکەرەوە، نهێنی و چارەنوسسازدا، کە پێویستی بە رووماڵکردنی میدیایی و دارشتن و بڵاوکردنەوە هەیە، لە ماوەیەکی کورت و تەنگەدا بە لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات و چوارچێوە دیاریکراوە سەربازییەکان، بەرهەمە میدیاییەکانی میدیای جەنگیی کاریگەریان ئەبێت لەسەر ئەلقەکانی تری جەنگەکە

هــەروەک تــەواوی داهاتــووی جەنــگ هاوپەیوەســت دەکات بــە بەرهەمەکانییــەوە، بــەم پێیــەش لەســاتەکانی ســەرەتای روودانــی جەنگەکــەدا میدیــای جەنگیــی بــە چــی ئاراســتە و شــێوازێک کاربــکات کاریگــەری تــەواوی دەبێــت لەســــەر ئاراســــتە و رێــڕەوی تــەواوی رووداوەکان تــری نێــو جەنگەکــە.

ئامانجە سەرەکییەکانی میدیای جەنگیی:

راگرتنــی هاوســەنگی لــە نێــوان راستگۆی لــە پێدانــی هــەواڵ و زانیاریــە جەنگییــەکان و پاراســتنی نهێنــی ســتراتیژی ســەربازیی و بەرژەوەندییــە باڵاکانــی دەوڵــەت. (مزەفــەر محمــد، چاوپێکەوتــن، ٢٠٢٣ )

رێگریکــردن لــە بڵاوکردنــەوەی زانیــاری جەنگیــی بــە شــێوەیەکی هەڕەمەکــی و کۆنترۆڵکردنــی ســەرچاوەکانی بڵاوکردنــەوەی هــەواڵ و زانیــاری جەنگیــی.

بەرزکردنــەوەی رووحــی فیــداکاری و گیــان بەخشــین لــە نێــو تاکەکانــی هێــزی ســەربازی و جەمــاوەری ئاســای.( ثامــر، ٢١٨: ٢٠١٤)

رۆڵــی کاریگــەری هەبێــت لــە رووبەڕووبوونــەوەی پڕوپاگەنــدەی دوژمــن بــە مەبەســتی پاراســتنی ورەی ســەربازانی مەیدانــی جەنــگ و ورەی هاوڵاتیانــی وڵاتەکــەی، هەروەهــا ئەنجامدانــی کەمپەینــی بەردەوامــی پڕوپاگەندەســازی بــۆ رووخاندنــی ورەی دوژمن(میــران بەکــر، چاوپێکەوتــن، ٢٠٢٣).

ئاگادارکردنــەوە بەردەوامــی هاوڵاتیانــی ســەبارەت بــە دەرهاویشــتە ســەربازییەکانی جەنگەکــە و پێدانــی رێنمایــی بــۆ رووبەڕووبووەنــەی لەمپــەر و گرفتــەکان و لێکەوتەکانــی جەنــگ. (عوســمان محمــد، چاوپێکەوتــن، ٢٠٢٣ )

روونکردنــەوەی هــۆکارە ناچارکەرەکانــی هەڵگیرســاندنی جەنــگ و زەمینەســازی بــۆ ئاراســتەکردنی رای گشــتی ناوخــۆی و هەرێمــی و دەرەکــی بــۆ پشــتیوانیکردن لــەو ئامانجانــەی دەوڵــەت و هێــزە ســەربازییەکەی بڵاویانکردووەتــەوە و لــە پێناویــدا جەنــگ هەڵگیرســاوە (بەختیــار محمــد، چاوپێکەوتــن، ٢٠٢٣).

درووستکردنی چوارچێوەیەکی یاسایی و نیشتمان پارێزی بۆ رەوابوونی جەنگەکە.( حمداني، ١٠٣: ٢٠١٠)

ئەمــەش ئــەو راســتییە دەســەلمێنێت کــە میدیــای جەنگیــی کاریگەرییەکــی گــەورەی هەیــە لەســەر هەمــوو بارودۆخەکانــی تــری وڵات، هــەروەک لــە بەدینەهێنانــی ئامانجەکانــی ئەگەرێکــی وەهــا دەخولقێنێــت کــە شــێوازی کارکردنــی میدیــای جەنگیــی بــۆ دۆخــەکان ببێتــە هــۆکاری گەورەبوونــەوەی تەنگەژەکــە یــان تەنگــەژەی نــوێ درووســتبکات و بەمــەش شــێواوی ئاسایشــی نیشــتمانی لێبکەوێتــەوە.

## ئەرکەکانی میدیای جەنگیی:

لــە ســەردەمی ئێســتادا ئەرکــی میدیــای جەنگیــی هاوشــانی ئەرکــی ســەربازی گرنگــی و کاریگــەری هەیــە (بەختیــار محمــد، چاوپێکەوتــن، ٢٠٢٣) ، لــەم ســۆنگەیەوە توێــژەر ئەرکەکانــی میدیای جەنگیی بــە لەبەر چاوگرتنــی تایبەتمەندێتی جۆرەکانی جەماوەرەکــەی، هەروەهــا بــە مەبەســتی خستنەڕووی ســتراتیژێکی نوێــی کارکــردن، ئەرکەکانــی پۆلێنکردووە بەســەر (٣) گروپــدا، کــە بریتیــن لەمانــەی لای خــوارەوە:

یەکەم/ ئەرکی میدیای جەنگیی بەرامبەر بە هێزی سەربازی وڵات.

دووەم/ ئەرکی میدیای جەنگیی بەرامبەر بە هاونیشتیمانیان.

سێیەم/ ئەرکی میدیای جەنگیی بەرامبەر بە جیهانی دەرەوە و وڵاتانی کاریگەر.

یەکەم/ ئەرکی میدیای جەنگیی بەرامبەر بە هێزی سەربازی و هاوپەیوەندەکانی:

ئەرکــی میدیــای ســەربازی بــۆ ئــەو پەیــام و بابەتــە میدیاییانــە دیاریئەکرێــت کــە تەنهــا لــە نێــو هێــزی ســەربازیدا

بڵاوەرکرێتەوە و تایبەتە بە بە هێزی چەکدار و پێویستە رێگە نەدرێت دزە بکات بۆ دەرەوەی هێزی سەربازی بە هۆی بوونی بابەتی نهێنی و هەستیار، دەتوانین لەم خاڵانەی لای خوارەوە روونیبکەینەوە:

چەسپاندنی بیروباوەڕی سەربازی لە گیان بەخشین و تێکۆشانی (جەنگاوەری پارێزەری نیشتمان) و جێگیرکردنی رووحی رووبەڕووبوونەوە، نیشاندانی پێزانین بۆ جەنگاوەران بەمەبەستی دروستکردنی رووحی شۆرشگێڕانە لە نێو هێزە چەکدارەکان(بەختیار محمد، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٣).

نیشاندانی بەهێزی لایەنی سیاسی وڵات و بەهێزی توانا سەربازییەکانی یەکە جۆراوجۆرەکانی سوپا، کە بۆ رووبەڕووبوونەوەی دوژمن فەراهەمکراوە (میران بەکر، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٣).

دروستکردنی پەیوەندییەکی توند و تۆڵ لەگەڵ هەواڵگری سەربازیدا بەمەبەستی دەستکەوتنی زانیاری خێراو زانینیی ئاستی نهێنێتیی زانیارییەکان و چۆنێتی باسکردن و بڵاوکردنەوەی یان نەکردنی لە نێو هێزە چەکدارەکان. (مطر،١١٢: ٢٠٠٩)

بەرهەم هێنانی بابەتی میدیایی تایبەت بە هیزی سەربازی، بەمەبەستی ئاگادارکردنەوە یان ئاشناکردنیان یان هەر بابەتێک کە پێویستبێت بۆ زانین یان بەرچاو روونی هێزی چەکدارەکان.

پاراستن و بەرزکردنەوەی ورەی سەربازان بە بیرهێنانەوەی مێژووی سەروەری هێزی سەربازی و بەرهەم هێنانی بابەتی میدیایی تایبەت بە رووخاندنی ورەی دوژمن(عوسمان محمد، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٣).

بەرهەم هێنانی بابەتی میدیای تایبەت بە هێزی سەربازی بە مەبەستی رەوایەتیدان بە ئامانجەکانی جەنگەکە.

میدیای جەنگیی ئەرکی سەرەکی بەرێوەبردنی جەنگیی دەروونییە دژ بە دوژمن هەروەها پاراستنی باری دەروونی سەربازانی وڵاتەکەی و رووبەڕووبوونەوەی ئەو جەنگە دەروونییەی لە لایەن دوژمنانەوە بەرپاکراوە بۆ سەریان.(ثامر، ٢١٩: ٢٠١٤)

دووەم/ ئەرکی میدیای جەنگیی بەرامبەر بە هاونیشتیمانیان:

خستنەڕووی چالاکییەکانی هیزی سەربازی وڵات بۆ بەرزکردنەوەی ورەی هاونیشتیمانیان.

ئەنجامدانی هاوئاهەنگی و کاری هاوبەش لە گەل میدیایی ناوخۆیی وڵات بۆ ئاگاداربوونی هاونیشتیمانیان لە دۆخی جەنگ، بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە سەربازییەکان، ئەمەش بە پێدانی زانیاری و هەواڵی درووست.

بەرهەم هێنانی بابەتی میدیایی تایبەت بە هاونیشتیمانیان بۆ ئەفراندنی وێنەیەکی رێزلێگیراو لە پیرۆزییەکانی نیشتمان و هێزی سەربازی ئەمەش لە پێناو رەوایەتیدان بە ئامانجەکانی جەنگەکە و شانازیکردن بە بوون بە سەرباز.(عبدالفتاح،١٠٧: ٢٠١٨)

دەرخستنی هەوڵ و تێکۆشانی هێزی سەربازی لە پاراستنی نیشتیمان، تیشک خستنەسەر توانا جەنگییەکانی هێزە سەربازییەکانی وڵات لە رووبەڕووبوونەوەی دوژمن، بەمەبەستی گەیاندنی پەیامی دڵنەواکار بە هاونیشتمانیان(عوسمان محمد، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٣)..

دروستکردنی کەشێکی خۆ ئامادەکاری پێشوەختەی هاونیشتمانیان بۆ ئەو گرفت و لێکەوتانەی رووبەڕوویان دەبێتەوە بە هۆی جەنگەوە، کەمکردنەوەی ترس و دڵەراوکێی هاونیشتمانیان لەو پێشهاتانەی لە بارەی جەنگەوە باس دەکرێن(میران بەکر، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٣).

بەرپەرچدانەوەی پروپاگەندەکانی دوژمن و پاراستنی هاوڵاتیان لە جەنگیی دەروونی، ئەمەش بە نەهیشتنی دروستبوونی بۆشایی لە نیوان هیزی سەربازی و هاونیشتیمانیان و وەڵامدانەوەی داخوازییەکانیان بۆ رەواندنەوەی ئەو جەنگە دەروونییەی دوژمن هەڵگیرساندووە(یوسف، ٢٧: ٢٠١٦)

سێیەم/ ئەرکی میدیای جەنگیی بەرامبەر بە جیهانی دەرەوە و وڵاتانی کاریگەر:

ناساندنی هەڵوێستی دەسەڵاتی سیاسی و شیکردنەوەی مەودا سەربازییەکانی ئەو هەڵوێستە بۆ رای گشتی(بەختیار محمد، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٣).
دەرخستن و باسکردنی هەڵوێستی وڵاتانی پشتگیریکار لە رەوایەتیدان بە شێواز و رووداوەکانی نێو جەنگەکە بۆ رای گشتی(مزەفەر محمد، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٣).
روونکردنەوەی هەڵوێستی وڵاتانی دۆست و دوژمن و بێلایەن، کە گرنگیان هەیە لەسەر رێڕەوی جەنگەکە بە مەبەستی قۆستنەوەی هەلەکان لە پێناو بەرژەوەندییە سەربازییەکان، هەروەها وەڵامدانە و رووبەڕووبوونەوەی وڵاتانی نەیار و داواکردنی هەڵوێست لە بێلایەنەکان.
بەهانە هێنانەوە بۆ جموجۆڵە سەربازییەکانی هێزی چەکدار و روونکردنەوەی ئەو رەخنانەی بەهۆی لێکەوتەکانی جەنگەوە خەڵکی سڤیل تێیدا زەرەرمەندی گیانی و ماددی دەبن. (عوسمان محمد، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٣).
وروژاندنی ئەو بابەتانەی سۆزی هاوڵاتیانی جیهانی پێدەوروژێت و زەقکردنەوەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و مافە کانی تر، کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دانیپێداناوە و داوای پاراستنیان ئەکات ئەمەش بەمەبەستی بەهێزکردنی لایەنی ئۆپۆزسیۆن دژی دوژمن لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات.( عبد الحمید، ٤٣: ٢٠٠٠ )
رووبەڕووبوونەوەی چەواشەکاری میدیای وڵاتانی دوژمن و پشتگیرکارەکانی، هەروەها رای گشتی جیهان بەرەو ئەو هەستە ئاراستەبکات کە هێزی سەربازی وڵات پارێزگاری لە بەها مرۆیی و نێونەتەوەییەکان ئەکات.
باسکردنی بەردەوام و گرنگدان بە شیکردنەوەی رەوایەتی دۆزی جەنگەکە(بشیر، ٦٧: ٢٠١٦).

## سێیەم:ستراتیژیی رووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی بەردەم سەنتەری میدیای وەزارەتی پێشمەرگە لە دۆخی جەنگ:

### سەنتەری میدیای وەزارەتی پێشمەرگە:

سەنتەرێکی میدیایی سەربازییە لە وەزارەتی پێشمەرگە لەساڵی ٢٠١٥ دامەزرێندراوە لە لایەن بەشی میدیای هێزە سەربازییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و تیمی راوێژکاری سوپای ئەڵمانیای فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان، کارەکانی لە رێگەی پسپۆران و راوێژکارانی میدیای سەربازی هاوپەیمانانەوە رێکخراوە، کارمەندانی بەڕێوبەرایەتی راگەیاندنی وەزارەتی پێشمەرگە تێیدا ئەرکە میدیاییەکان جێبەجێ دەکەن، بڵاوکراوەکانی بە هەر سێ زمانەکانی (کوردی، عربی، ئینگلیزی)بڵاودەکاتەوە.
سەنتەری میدیا پێکهاتووە لە ٢٤ کارمەند، کارمەندانی ئەو سەنتەرە دەرچووی بەشی راگەیاندن و کۆلێژی سەربازین و ژمارەیەک وەرگێڕ و ئەندازیاری دیزاینەر و پرۆگرامەر کاری تێدادەکەن، وەک لەم خشتەیەی لای خوارەوە روونکراوەتەوە.

| ژمارە کەس | پسپۆری | ئەرک |
|---|---|---|
| ١١ | راگەیاندن + سەربازی | کاری رۆژنامەوانی |
| ٢ | زمانی عەرەبی و ئینگلیزی | وەرگێر |
| ٦ | سەربازی | پەیامنێر |
| ٤ | راگەیاندن | کامێرامان |
| ١ | IT | دیزاینەر |

پێکهاتەی سەنتەری میدیا لە وەزارەتی پێشمەرگە. (دیباجەی سەنتەری میدیا لە وەزارەتی پێشمەرگە)
میران بەکر بەڕێوبەری سەتنەری میدیا لە وەزارەتی پێشمەرگە بەم شێوەیە باس لە ئامانج و ئەرکی سەرەکی

سـەنتەری میدیـا دەکات «ئامانـج لـەم سـەنتەرە پەرەپێدانـی کاری میدیاییـە بـۆ وەزارەتـی پێشـمەرگە، هاوشـانی خەباتـی پێشـمەرگایەتی کاری میدیایـی سـەردەمانە ئەنجامدەدەیـن، بـۆ بڵاوکردنـەوەی هـەواڵ و زانیارییەکانـی پێشـمەرگە و وەزارەتەکـەی لـە حکومەتـی هەرێـم، هەمـوو کارمەندێکـی وەزارەت بـە ئەندامـی ئـەم سـەنتەرە دەزانییـن و تـۆڕی بەرفراوانـی ئـەم سـەنتەرە هەمـووان دەگرێتـە خـۆ، هەروەهـا ئەرکـی سـەرەکی ئـەم سـەنتەرە درووسـتکردنی تۆڕێکـی هەماهەنگـی و پەیوەندییـە لەگـەڵ بەشـی راگەیاندنـی سـەرجەم لیـوا و یەکـە بەسـتراوەکانی سـەر بـەوەزارەت و میدیایـی ئەهلـی (ناوخۆیـی، جیهانـی)، هەروەهـا شـێوازی کارگێـری سـەنتەری میدیـای وەزارەتـی پێشـمەرگە بریتییـە لـە هۆبـەی ماڵپـەڕی سـەنتەری میدیـا، کـە بەشـێکە لـە ماڵپـەڕی فەرمـی وەزارەت لـە نـاو ماڵپـەڕی فەرمـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان،هەروەها هۆبـەی وێنەگـری میدیایـی بەشـێکی تـری سـەنتەرەکەیە، هـەروەک یەکـەی هەواڵنامـە (ئینسـات) یەکەیەکـی تـرە ،کـە ئەرکـی کۆکردنـەوەی ئـەو هـەواڵ و زانیارییانـەی کـە گرنـگ و پێویسـتن بـۆ وەزارەتـی پێشـمەرگە، لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆ و دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان، بەشـێوەیەکی رۆژانـە بڵاوئەکرێتـەوە لـە نێـو یەکـە و لیواکانـی سـەر بـەوەزارەت.( میـران بەکـر، چاوپێکەوتـن، ٢٠٢٢)

ستراتیژی میدیای جەنگیی:

بـە هـۆی تایبەتمەنـدی هـەواڵ و زانیارییەکانـی جەنگـەوە، میدیـای جەنگـی بـە لقێکـی تایبەتمەنـدی راگەیاندنـی گشـتی و پایەیەکـی سـەرەکییە لـە پایەکانـی پاراسـتنی ئاسایشـی نیشـتمانی دائەنرێـت، هـەواڵ و بارودۆخـی جەنـگ دەگوازێتــەوە بــۆ هاونیشــتیمانیان بــە لەبەرچاوگرتنــی جــۆر و هەســتیاری هــەواڵ و زانیاریــەکان و کاریگەرییــان لەســەر ئاسایشــی نیشــتمانی(ابو ســمرە، ١٢٤: ٢٠١٢) لــە ســەردەمی ئێســتادا ئــەم پرۆســەیە بەشــێکە لــە ســتراتیژی سـەربازی هەمـوو هێـزە سـەربازییەکان لـە جیهانـدا، کەواتـا پێویسـتە بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی ئاڵنگارییەکانـی میدیـای جەنگیـی لـە وەزارەتـی پێشـمەرگە سـتراتیژی تایبـەت دابرێژرێـت.

لێـرەدا گرنگـە ئـەو بۆچونـە هەڵەیـە راسـتبکرێتەوە کـە لـە نێـو هێزەکانـی پێشـمەرگە بـڵاوە و رەنگدانــەوەی هەیـە لەسـەر ئـەرک رێـژی میدیـای وەزارەتـی پێشـمەرگە کـە بـۆ سـاڵی ٢٠٢٢ دیارییانکـردووە، پێیانوایـە ئەبێـت لـە بڵاوکردنـەوەی هـەواڵ و زانیاریـە جەنگییـەکان سانسـۆرێکی زۆر درووسـتبکرێت، زانیاریـەکان لـە میدیـای ئاسـایی بشـاردرێتەوە بـە بەڵگـەی نهێنێتـی سـەربازی، بـەڵام چارەسـەری هەسـتیاری و نهێنێتـی هـەواڵ وزانیاریـە جەنگییـەکان دارشـتنی سـتراتیژێکی میدیـای سـەربازییە، تـا بتوانرێـت لـە رێگـای رۆژنامەوانـی تایبەتـی سـەر بـە هێـزە چەکدارەکان جێبەجێبکرێـت، لەسـەر بنەمـای ئـەو سـتراتیژە روومـاڵ و شـیکردنەوە و دارشـتنەوەی هـەواڵ و زانیاریـە جەنگییـەکان بکرێـت، بـە لەبەرچاوگرتنـی راسـتگۆیی و هاوشـانی بـوون لەگـەڵ رووداوەکان بڵاوبکرێتـەوە، ئەمـەش بـە ئامانجـی پێدانـی هـەواڵ و زانیـاری درووسـت بـە هاونیشـتیمانیان و گەیاندنـی رێنمایـی و پەیامـی هێزەکانـی پێشـمەرگە، هــەروەك بەربەســتکردنی بڵاوبوونــەوەی پروپاگەنــدە و زانیــاری ناڕاســت و چەواشــەکردنی رای گشــتی کــە دەبنــە هــۆکاری زەرەرمەندبوونــی ســەربازی بــۆ هێــزە چەکــدارەکان و تــرس و دڵــە راوکــێ لــە ناوخەڵکــدا بڵاودەکەنــەوە. (بەختیـار محمـد، چاوپێکەوتـن، ٢٠٢٣)

بـۆ تێگەیشـتنێکی قوڵـتر لـەم بابەتـە پێویسـتە بـاس لـە سـتراتیژی میدیـای جەنگیـی بکەیـن «مەبەسـت لـە سـتراتیژی میدیـای جەنگیـی دیاریکردنـی ئـەو بنەمـا و رێوشـوێنانەیە کـە رۆڵـی میدیـای جەنگیـی تێـدا دەخرێتـە کار بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـە سـەربازییەکانی هێـزی چەکـدار و سیاسـەتە سـەربازییەکانی دەوڵـەت، تاوەکـو بـە پێـی ئـەو نەخشـە رێـگا دارێـژراوە هـەواڵ و زانیـاری و پەیامـە جەنگییەکانـی بڵاوبکرێتـەوە، هەروەهـا رووبـەڕووی ئـەو ئاڵنگاریانـە ببنـەوە کـە لـە لایـەن دوژمنـەوە بەرپاکـراوە «( Dennis M. Murphy, ٢٠٠٨:١٣).

سـتراتیژیی کاری میدیـای جەنگـی شـێوازی کارکـردن و رۆڵـی راگەیاندنـی جەنگـی دیاریـدەکات، هـەروەك تێیـدا بـە

وردەکارییەوە ڕێوشوێنەکانی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی هێزە چەکدارەکان دەستنیشان ئەکرێت، پاشان هەواڵ و زانیارییەکان بە پێی ستراتیژیی دیاریکراو دادەڕێژرێتەوە، دواتر بڵاودەکرێنەوە لە هۆکارەکانی راگەیاندن، هەرکات جەماوەر هەواڵ و زانیارییەکانی پێگەیشت کاردانەوەیان دەبێت، ئەمەش لە زانستی راگەیاندن بە (فیدباك) ناسراوە، بە پێوانەکردنی داتاکانی فیدباك بەراورد بە ئامانجە دارێژراوەکانی نێرەر ، دەتوانرێت هەڵسەنگاندن بۆ پێکانی ئامانجە ستراتیژییەکان بکرێت و بزانرێت تا چەند توانراوە پەیامەکان بگات بە جەماوەری دەستنیشانکراو.

لەبەر رۆشنایی ئەو پێداویستییانەی بۆ دارشتنی ستراتیژی میدیای جەنگیی گرنگن ،توێژەر بۆ سەنتەری میدیای وەزارەتی پێشمەرگە، ئەم رێوشوێنانەی خستووەتەڕوو:

یەکەم/ ڕێوشوێنی یاسایی بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی سەنتەری میدیا لە دۆخی شەردا : بۆ بنەبڕکردنی دیاردە و هەڵە و کەموکوڕییەکان پێویستە پشت بە یاسا ببەسترێت وەک چارەسەری بنەڕەتی و بوون بە بنەما بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پێشێلکاران ، هەروەها سڵمینەوەی کەسە لادەرەکان لە سزا دیاریکراوەکان، بەم شێوەیەی لای خوارەوە ئەتوانرێت سود لە لایەنی یاسای ببینرێت.

دەرکردنی ژمارەیەک یاسا و رێنمایی سەبارەت بە گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری و وێنە و فیدیوکانی جەنگ بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری، بەمەبەستی قەدەغەکردنی روماڵی راستەوخۆی جەنگ لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنی ناوخۆیی و دەرەکی، هەروەها بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی یاسای لە کاتی پێشێلکردنی لەلایەن ناوەندە میدیاییەکانەوە، رێگەنەدان بە هیچ سەرچاوەیەکی تر بۆ چونە بەرەکانی جەنگ و قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی داتای وردی سەربازی و نیشاندانی جوگرافیای سەربازی.

دیاریکردنی سزای سەربازی لە دادگای تایبەت بە هێزەکانی پێشمەرگە بۆ تاکە پێشێلکارەکانی نێو هیزە چەکدارەکان لە دزە پێکردنی هەواڵ و زانیاری و وێنە و ڤیدیوکانی جەنگ.

دووەم/ ڕێوشوێنی کارگێری سەرچاوە مرۆییەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی سەنتەری میدیا لە دۆخی جەنگ: سەرچاوەی مرۆیی هۆکاری سەرەکی دارشتنی ستراتیژی میدیای سەربازییە ،ئەمەش بە هۆی تایبەتمەندی ئەم جۆرە میدیایە لە بواری پاراستنی نهێنی و زانینی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ دوژمن، لەم خاڵانەی لای خوارەوە ئەو رێوشوێنانە دیاریکراون.

درووستکردنی خانەی راگەیاندنی جەنگی، هەر یەک لە پسپۆری (سەربازی، میدیایی، پەیوەندییە گشتییەکان، یاسایی، دەروونناسی) تێیدا بەشداربن، ئەرکی سەرەکییان دارشتنی ستراتیژی ناوەرۆکی پەیام و هەواڵ و زانیارییە بڵاوکراوەکانی جەنگ بێت.

کردنەوەی خولی رۆژنامەوانی بۆ ئەو ئەفسەر و کارمەندانەی کاری میدیایی دەکەن لە یەکە جۆراوجۆرەکانی هێزە چەکدارەکان، بە مەبەستی شارەزاکردنیان لە زانستی راگەیاندن بە تایبەت رووماڵکردنی هەواڵ و زانیاری جەنگ بە شێوازێکی پرۆفیشناڵانە .

ئامادەسازکردنی کامێرەمانی پرۆفیشناڵ، لە نەبوونی ئەم جۆرە کەسانە لە وەزارەتی پێشمەرگە ئەتوانرێت پشت ببەسترێت بەو خولانەی لە دەزگاکانی راگەیاندن دەکرێنەوە بەتایبەت ئەو دەزگایانەی کە ئەزمونی رووماڵکردنی جەنگیان هەیە.

دامەزراندنی کەسانی پرۆفیشناڵ لە تەکنەلۆجیایی نوێی میدیا و رووماڵکردن و کەمپەینی میدیایی و بەرهەمهێنانی میدیای نوێ بە بەرزترین کوالیتی لە رووی شێوە وناوەرۆکەوە.

سێیەم/ ڕێوشوێنی میدیایی بۆ رێکخستنەوەی ئەرکە میدیاییەکانی سەنتەری میدیا لە دۆخی جەنگ:

بـۆ ئاسـانکاریکردن لـە تێگەیشـتن پاشـان ئەنجامدانـی سـتراتیژی میدیایـی بـۆ دامـەزراوە جەنگییـەکان، توێـژەر پێـی وایـە هەمـوو دۆخـە نەخـوازراوەکان لـە زانسـتی رۆژنامەوانیـدا ئەتوانرێـت لـە دیـدی تەنگـەژە پێناسـە بکرێـت و کارکـردن لـە دۆخـی جەنگـدا دەچێتـە چوارچێـوەی بەڕێوەبردنـی کاری میدیایـی لـە کاتـی تەنگـەژەدا، ئـەم پرۆسـەیە بریتییـە لـە رووبەڕووبوونـەوەی چەندیـن دۆخ و رووداوی لـە نـاکاو و یەکلاکـەرەوە و چارەنووسـساز ،رومالّکردنـی لـە ماوەیەکـی کـورت و تەنگـەدا دەبێـت ، بەشـێوەیەك ئەلقەکانـی تـری رووداوەکانـی پـاش تەنگەژەکـەش پەیوەسـت دەکات بەسـەرەتای دۆخەکـەوە.(Мельников,2014:19) کەواتـە لەسـاتەکانی سـەرەتای رودانـی تەنگەژەکـە، راگەیاندنـی جەنگیـی بـە چـی ئاراسـتەیەك کاربکـەن کاریگـەری تەواویـی دەبێـت لەسـەر ئاراسـتە و رێـرەوی رووداوەکان.

میدیـای وەزارەتـی پێشـمەرگە نەیتوانیـوە ئەوە بسـەلمێنێت بۆ هاونیشـتیمانیان و دەزگاکانـی میدیـا و هێزەچەکدارەکانی کـە مەترسـییەکانی بڵاوبوونـەوەی زانیارییەکانـی جەنـگ بـە بـێ لـە چوارچێوەنانـی بـە پێـی بەرژەوەندییـە سـەربازی و ئاسایشـی نیشـتمانی وڵات چـی دۆخێکـی نەخـوازراوە دەخوڵقێنێـت، چەندیـن تەنگـەژەی سیاسـی و سـەربازی و ئابـووری و دەروونـی بـۆ وڵات درووسـتدەکات (بەختیـار محمـد، چاوپێکەوتـن، ٢٠٢٣)، کەواتـا سـەنتەری میدیـای وەزارەتـی پێشـمەرگە پێویسـتە بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی ئـەم ئاڵنگارییانـە ئـەم هەنگاوانـە بنێـت:

کارکـردن بـە تیۆریـی لـە چوارچێوەنـان لـە گواسـتنەوەی هـەواڵ و زانیارییـە جەنگییەکانـدا، پێویسـتە گرنگـی بـە شـێوازی داڕشـتنەوەی هـەواڵ و زانیـاری و وێنـە و ڤیدیۆکانـی گۆڕەپانـی جەنـگ بدرێـت، بەجۆرێـك راسـتییەکان باسـبکرێت، کـە لـە چوارچێـوەی سـتراتیژی سـەنتەری میدیـای وەزارەتـی پێشـمەرگەدا بێت.ئـەم تیـۆرە یەکێکـە لـە تیـۆرە بەناوبانگەکانـی بـواری میدیـا، تێیـدا راسـتییەکان بـە لەبەرچـاو گرتنـی بەرژەوەندییـەکان لەچوارچێـوە دەنرێـت، سـەنتەری میدیـا ئەتوانێـت سـود لـەم تیـۆرە وەربگرێـت بـە ئامانجـی پاراسـتنی بەهـای راستگۆیی،هەروەک بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییـە باڵاکانـی وڵات و هەسـتیاری زانیارییـە سـەربازییەکان، هەروەهـا رێگریکـردن لـە شـکاندنی شـکۆی هێـزی سـەربازی، دواجـار ئـەم رێوشـوێنە دەبێتـە هـۆی هاوسـەنگی راگرتـن لـە نێـوان لـە دەسـتنەدانی متمانـەی جەمـاوەر و رێگریکـردن لـە ئاشـکراکردنی پـلان و ئامانجـە سـەربازییەکان.

کۆنترۆڵکردنـی زانیـاری و وێنـە و ڤیدیۆکانـی بەرەکانـی جەنـگ ئاڵنگارییەکـی سـەرەکییە، وەزارەتـی پێشـمەرگە کۆنترۆڵـی بەرەکانـی جەنگیـی لـە بـواری میدیاییـدا نەکـردووە، چەندیـن سـەرچاوەی میدیایـی ناوخـۆی و دەرەکـی لـە بەرەکانـی جەنگـەوە لـە کاتـی شـەر و ئاڵۆزییـە سـەربازییەکاندا زانیـاری و وێنـە و رووماڵـی راسـتەوخۆیان هەیـە، هـەر لـەم بـوارەدا ئاڵنگارییەکـی نـوێ درووسـتبووە بـۆ سـەنتەری میدیـا بەهـۆی بوونـی مۆبایلـی زیرەکـی کەسـی و بەکارهێنانـی لـە لایـەن هێزەکانـی وەزارەتـی پێشـمەرگەوە، ئەمـەش وەک زۆر کات دەبینرێـت لەلایـەن تاکەکانـی نێـو هێزەچەکدارەکانـەوە راسـتەوخۆ وێنـە و زانیارییـەکان لـە سۆشـیاڵ میدیـاوە بڵاودەکرێتەوە(مزەفـەر محمـد، چاوپێکەوتـن، ٢٠٢٣)، سـەنتەری میدیـا پشـت بەسـت بەیاسـا و رێنـمای کـە لـەم توێژینەوەیـدا باسـکراوە ئەتوانێـت رووبـەڕووی ئـەم ئاڵنگارییـە ببێتـەوە، تەنهـا سـەنتەری میدیـا خـۆی تاکـە سـەرچاوەی رێگەپێـدراو و بەرپرسـبێت لـە گواسـتنەوەی هـەواڵ و زانیـاری رووداوەکانـی بەرەکانـی جەنـگ و ناوچەی پێکدادانەکان، هەروەک بە یاسـای سـەربازی رێگـری بـکات لـە بڵاوکردنـەوەی زانیـاری و وێنـەی جەنگیـی لـە سۆشـیاڵ میدیـا لـە لایـەن هێـزە چەکدارەکانییـەوە .

دیـاری کردنـی یـەک وتەبێـژی فەرمـی بـۆ گەیاندنـی زانیارییەکانـی بـەرەی جەنـگ لـە کاتـی شـەر و ئاڵۆزییـە سـەربازییەکان دا، ئەمـەش بەمەبەسـتی رووبەڕبوونـەوەی دیـاردەی فـرە لێـدوان و باسـکارانی بەرەکانـی جەنـگ، کـە ئاڵنگارییەکـی تـری بـەردەم میدیـای وەزارەتـی پێشـمەرگەیە و پێویسـتییەکی سـەرەکی سـەنتەری میدیایـە، وەک ئاشـکرایە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان تـا ئێسـتا لـە ژێـر چەتـری وەزاەتـی پێشـمەرگەدا کۆنەکراوەتـەوە و هێزەکانـی

٧٠ و ٨٠ پێشـمەرگە لـە ژێـر کۆنترۆڵـی وەزارەتـدا نیـن (میـران بەکـر ، چاوپێکەوتـن، ٢٠٢٣) ، ئەمـەش هـۆکارە بـۆ فـرە لێدوانـی تاکەکانـی نێـو هێـزە چەکـدارەکان و کۆنتـڕۆڵ نەکردنـی چۆنێتـی بڵاوبوونـەوەی هەڕەمەکـی هـەواڵ و زانیارییـەکان.

هاوتەریـب نەبـوون لەگـەڵ خێرایـی رووداوەکانـی بـەرەی جەنـگ و رووماڵ نەکردنـی هـەواڵ و زانیارییـەکان ئاڵنگارییەکـی تـرە ، سـەنتەری میدیا نەیتوانییـوە لـە کاتـی خۆیـدا وەک سـەرچاوەی یەکـەم زانیارییـەکان بگەێنێـت بـە جەماوەرەکـەی یـان ببێـت بەسـەرچاوەی هـەواڵ و زانیـاری بـۆ میدیـای ئاسـایی، لـەم کاتـەدا ئۆتۆماتیکـی جەمـاوەر بـەدوای سـەرچاوەی تـری زانیاریـدا دەگەڕێـن، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی لـە دەسـتدانی کۆنتڕۆڵکـردن و ئاراسـتەکردنی رای گشـتی، کەواتـە هاوشـانیبوون لەگـەڵ رووداو و بارودۆخەکانـی بـەرەی جەنـگ، رەچاوکردنـی خێرایـی لـە بڵاوکردنـەوەی زانیارییـەکان بـۆ درووسـت نەبوونـی بۆشـایی زانیـاری لای جەمـاوەر و میدیـای ئاسـایی سـتراتیژێکی کاریگـەرە بـۆ جڵەوکردنـی رای گشـتی و ئاراسـتەکردنی.

درووسـتکردنی وێنـەی زیهنـی بـۆ هێزی پێشـمەرگە و نیشـاندانی قارەمانێتـی و گیانفیداییـان، هەوەهـا پارێزگاریکردنیان لـە مافەکانـی مـرۆڤ و مامەڵـە مرۆییەکانیـان لەگـەڵ خەڵکـی سـڤیل بخرێتـەڕوو، ئـەم سـتراتیژە کاریگـەری گـەورەی دەبێـت لەسـەر رای گشـتی جیهانـی و ناوخۆیـی (بەختیـار محمـد، چاوپێکەوتـن، ٢٠٢٣ )، ئەگـەر سـەنتەری میدیـا بتوانێـت ئـەم جـۆرە بیرۆکـە و بابەتانـە بـکات بـە بۆچـوون و دیـدی گشـتی لەسـەر هێـزی پێشـمەرگە،ئەمەش لـە رێگایـی بەرهـەم هێنانـی ژانرەکانـی بـواری میدیـا وەک(سـتۆری و کورتـە فلیـم، هتـد) کـە بەکاردەهێنرێـن لـە درووسـتکردنی وێنـەی زهنیـی دا.

جەنگیـی دەروونـی بەیەکێـك لـە چەکـە کاریگەرەکانـی جەنـگ ئەژمـار دەکرێـت، ئەنجامدانـی هەڵمەتـی راگەیانـدن دژ بـە هێـزی دوژمـن و رووخاندنـی ورەیـان(Jensen,٢٠٠٩:٨٧)، لێـرەدا سـەنتەری میدیـا ئەتوانێـت سـود لـەو پۆلێنـە وەربگرێـت کـە توێـژەر بـۆ ئەرکەکانـی میدیـای جەنگیـی دایرشـتووە، جەنگیـی دەروونـی لەسـەر سـێ ئاسـت ئەنجـام بـدات: ئاسـتی سـەربازانی دوژمـن و خەڵکـی ئاسـایی وڵاتـی دوژمـن و ئاسـتی جیهانـی، هـەر لـەم سـتراتیژەدا پێویسـتە بەرپەرچـی هەوڵەکانـی دوژمـن ببنـەوە لـە ئەنجامدانـی جەنگـی دەروونـی لـە هـەر سـێ ئاسـتی ئامـاژە پێکـراو بـۆ پاراسـتنی ورەی هێـزی سـەربازی و هانیشـتمانیان.

ئاراسـتەکردنی رای گشـتی لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆ و دەرەکـی، سـەنتەری میدیـا دەتوانێـت بـە باسـکردن و گرنگیـدان بـە شـیکردنەوەی رەوایەتـی دۆزی جەنگەکـە و وەڵامدانـەوەی پرسـیاری بۆچێتـی روودانـی جەنگـە، هەروەهـا پاسـاو هێنانـەوە بـۆ ئەنجامدانـی هەمـوو هەنـگاوە سـەربازییەکانی هێـزی چەکـدار رووبـەڕووی ئـەم ئاڵنگارییەببێتـەوە ، هـەروەک کاربـکات بـۆ زەقکردنـەوەی ئـەو پێشـێلکارییانە هێـزی دوژمـن ئەنجامیـدەدات بـە ئامانجـی وروژاندنـی ئـەو بابەتانـەی سـۆزی هاوڵاتیانـی ناوخۆیـی و جیهانـی دەجوڵێنێـت و رای گشـتی ئاراسـتە دەکات (مزەفـەر محمـد، چاوپێکەوتـن، ٢٠٢٣).

درووسـتکردنی پەیوەندییەکـی پتـەو لەگـەڵ دەزگا و دامـەزراوە میدیاییـە ناوخۆیـی و جیهانییـەکان، سـەنتەری میدیـا لـە رێـگای درووسـتکردنی بەرژەوەنـدی هاوبـەش و کاری هاوبـەش لەگـەڵ میدیـای ئاسـایی ئەتوانێـت ئـەم ئاڵنگارییـە کۆنتـرۆڵ بـکات، ئـەوەش لـە رێـگای ئاسـانکاریکردن لـە پێدانـی هـەواڵ و زانیـاری و وێنـەی بەرەکانـی جەنـگ لـە چوارچێـوەی بەرژەوەندییەکانـی هێـزی پێشـمەرگە، هەروەهـا هەوڵـدان بـۆ رەنگدانـەوەی سـتراتیژی سـەنتەری میدیـا لەسـەر ناوەڕۆکـی بەرهەمـە میدیاییەکانـی ئـەوان، بـە بانگهێشـتکردنی پەیامنێرانیـان و راسـپاردنیان بـۆ کارکـردن لەگـەڵ خانـەی جەنگـی هێـزە چەکـدارەکان لـە بەرەکانـی جەنـگ.

گرنگـی دان بـە سۆشـیاڵ میدیـا و درووسـتکردنی پەیجـی فەرمـی تێیانـدا، لـە ئێسـتادا کاریگەرتریـن ئامـرازی میدیاییـە

و زۆرترین بەکارهێنەری هەیە لە ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و جیهان بەگشتی، سەنتەری میدیا دەتوانێت سودی زیاتر ببینێت بۆ ئەنجامدانی ئەو هێرشە میدیایی و دەروونیانەی خۆی دژی دوژمن بەرپای دەکات، یان بەرپەرچی هێرشی میدیای دوژمن دەداتەوە، سودی زیاتر لە سۆشیاڵ میدیا ببینێت و پانتاییەکی فراوانتر بەکاربهێنێت لەو هۆکارە کاریگەرەی میدیا و هاونیشتمانیان بکات بە سەربازی میدیای ئەلیکترۆنی بەو سیستمانەی لە دونیادا ناوبانگیان هەیە لەوانە :هاژتاگ، تریندینگ هتد.

خۆپاراستن لە بەردەوام نکۆڵیکردن لەو هەڵانەی لە لایەن تاکەکانی نێو هێزەچەکدارەکانەوە ئەنجامدەدرێت کە دەچنە چوارچێوەی تاوانی جەنگەوە، بەتایبەت ئەو تاوانانەی دەبنە هەواڵ و باسی میدیای جیهانی(بشیر ٢٠١٦:٩٠)، پێویستە سەنتەری میدیا پاش دانپێدانانی درووستێتی ئەو تاوانانە پارسەنگی دۆخە نەخوازراوەکان ئامادەبکات و لەگەڵ دانپێدانانی بیخاتەڕوو وەک: نیشاندانی قەرەبووی زیان لێکەوتووان یان پاساوهێنانەوە بە بابەتێکی هاوتای تاوانەکە یان رێکاری بە سزاگەیاندنی تاوانبارەکان یان بە درۆخستنەوەی و درووستکردنی سیناریۆیی پاوەرپێکەر یان خستنەڕووی لایەنی تری کەیسەکە و بچوکردنەوەی لە نێو کۆمەڵە بابەتێکی تردا.

## دەرئەنجام :

سەنتەری میدیا لە وەزارەتی پێشمەرگە لە کاتی شەر و ئاڵۆزییە سەربازییەکاندا کە رووبەڕووی پێشمەرگە بووەتەوە کەمترین ئەرکی میدیایی جەنگیی جێبەجێکردووە، بەهۆی نەبوونی پاڵپشتی یاسایی و توانایی مرۆیی پرۆفیشناڵ لە بواری میدیایی جەنگییدا.

سەنتەری میدیا لە وەزارەتی پێشمەرگە هیچ ستراتیژێکی پلان بۆ دارێژراوی نەبووە و لە ئێستاشدا نییەتی بۆ دیاریکردنی نەخشە رێگای کارکردنی لە کاتی روودانی شەر و ئاڵۆزییە سەربازییەکاندا ، هەروەها چۆنێتی رووماڵکردنی بەرەکانی جەنگ و کۆنترۆڵکردنی شێوازی بڵاوبوونەوەی هەواڵ و زانیاریی و وێنە.

سەنتەری میدیا لە وەزارەتی پێشمەرگە پێویستی بە پۆلێنکردنێکی ئەرکەکانی میدیایی جەنگیی هەیە لەسەر ئاستی (هێزی چەکدار – هاونیشتمانی – رای گشتی هەرێمی و جیهانی) بە مەبەستی زانینی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخە جیاوازەکان و هاوشانی بوونی لەگەڵ خێرایی رووداوەکانی بەرەی جەنگ .

سەنتەری میدیا لە وەزارەتی پێشمەرگە نەیتوانیوە رووماڵی هەواڵ و زانیارییەکانی بەرەی جەنگ لە کاتی خۆیدا بکات تا بتوانێت وەک سەرچاوەی یەکەم زانیارییەکان بگەێنێت بە جەماوەرەکەی یان ببێت بەسەرچاوەی هەواڵ و زانیاری بۆ میدیایی ئاسایی .

دیاردەی فرە لێدوانی و کۆنترۆڵ نەکردنی چۆنێتی بڵاوبوونەوەی هەواڵ و زانیارییەکانی مەیدانی جەنگ بە هۆی رێکنەخستنەوەی هێزە چەکدارەکانە لە ژێر چەتری وەزاەتی پێشمەرگەدا.

لە کاتی روودانی شەر- جەنگ ،سەنتەری میدیا پێویستی بە چالاکردنی خانەیی راگەیاندنی جەنگییە بۆ بەڕێوەبردنی دۆخی میدیایی جەنگەکە و درووستکردنی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ دەزگا و دامەزراوە میدیاییە ناوخۆیی و جیهانییەکان،رێنوێیکردنی میدیاکارانی میدیایی ئاسایی و پێدانی هەواڵ و زانیاری و وێنەی بەرەکانی جەنگ لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی هێزی پێشمەرگە، هەروەها رەنگدانەوەی ستراتیژی کاری سەنتەری میدیا لەسەر ناوەرۆکی پەیامەکانی ئەوان.

# استراتيجية الإعلام الحربي و تنظيم مهام مركز الإعلامي لوزارة البيشمركة في حالة الحرب


## ملخص البحث:

الهدف من هذا البحث هو وضع استراتيجية لعمل المركز الإعلامي لوزارة البيشمركة في كيفية تغطية ساحات القتال والتحكم في نشر الأخبار والمعلومات و وضع خارطه طريق لتنظيم مهاماالاعلام الحربي ،يتكون نطاق الدراسة من التخطيط الاستراتيجي لمهمة وزارة مركز البيشمركة الإعلامي. في إطار منهج الدراسة الحالة الوصفية تم ذلك من خلال أداة المقابلة و الملاحظة. في ضوء واقع الإعلام الحربي في وزارة البيشمركة ، يطرح الباحث ثلاثة إجراءات كاستراتيجيات لمواجهة التحديات التي تواجه مهمة الإعلام الحربي في وزارة البيشمركة وهي: الإجراءات الإعلامية ، القانونية ، الموارد البشرية. وخلصت الباحث إلى أن المركز الإعلامي في وزارة البيشمركة بحاجة إلى وضع استراتيجية شاملة لتحديد خارطة طريق لتنفيذ مهام الإعلام الحربي وضبط نشر الأخبار والمعلومات والصور الخاصة بساحات القتال. يوصي الجهات المعنية في الوزارة. البشمركة لتطوير استراتيجية شاملة تأخذ بعين الاعتبار الابتكارات في مهام وسائل الإعلام الحربية ، وتقديم الدعم القانوني للسيطرة على نشر الأخبار والمعلومات والصور لساحة المعركة في البيشمركة.


**الكلمات المفتاحية: إعلام الحربي ، مهام مركز الإعلامي ، وزارة البيشمركة ، حالة الحرب.**

# War media strategy and organizing the functions of the media center of the Ministry of Peshmerga in case of war


## Abstract

This research aims to strategize the Ministry of Peshmerga Media Center's work in covering the battlefields and controlling the dissemination of news and information to address the media challenges of war (Armed Forces – Civil – Regional and Global Public Opinion). The scope of the study consists of the strategic planning of the mission of the Media Center in the Ministry of Peshmerga; Within the framework of the case study descriptive method, this was done through the interview and observation tool for the media tasks of the media center of the Ministry of Peshmerga. In light of the situation of the war media in the Ministry of Peshmerga, the researcher presents three measures as strategies to address the challenges facing the task of the war media in the Ministry of Peshmerga, which are: Media, legal, and human resource measures. The researcher concluded that the media center in the Ministry of Peshmerga needs to develop a comprehensive strategy to identify a roadmap for implementing the tasks of the war media and control the dissemination of news, information, and images of the battlefields. Therefore, This research recommends that the relevant parties in the Ministry of Peshmerga develop a

comprehensive strategy considering the innovations in the tasks of the war media. They should provide legal support to control the dissemination of news, information, and images of the battlefield, and pay attention to the human resources of the Media Center to improve the level of war media of the Ministry of Peshmerga.

**Keywords: war media, tasks of the media center, the Ministry of Peshmerga, the state of war.**

## لیستی سەرچاوەکان:

### کوردیی:


بەختیار محمد صدیق، ئەمینداری وەزارەتی پێشمەرگە، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٣/٤/١٢ .

عوسمان محمد، بەرێوبەری گشتی راگەیاندن و هۆشیاری نیشتمانی وەزارەتی پێشمەرگە، چاوپێکەوتن،٤/١٢/ ٢٠٢٣.

مزفەر محمد سعید، بەرپرسی پەیوەندییەکانی هێزەکانی ٧٠، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٣/٣/٥ .

میران بەکر عەبدولرەحمان ،بەرێوبەری سەنتەری میدیا لە وەزارەتی پێشمەرگە، چاوپێکەوتن ٢٠٢٣/١/٢٣ .

دیباجەی سەنتەری میدیا لە وەزارەتی پێشمەرگە پەرەی (١).


### عەرەبیی:


ابو سمره، محمد (٢٠١٢): استراتيجيات الاعلام العسكري والحربي، دار الراية للنشر والتوزيع، عمان.

لزوينى، حسين دبي و الفريجى، علي نجم (٢٠٢١): الاعلام الحربي في قنوات الفضائية، دار امجد للنشر والتوزيع، عمان.

العقيدي، خضير (٢٠١١): الإعلام العسكري، دار الكتاب الجامعي للنشر والتوزيع، الإمارات العربية المتحدة.

القراري، رميساء (٢٠٢٢): العلاقة بين المؤسسة العسكرية ووسائل الاعلام في الدول الديمقراطية، المجلة الجزائرية للعلوم الإنسانية والاجتماعية، المجلد ٦، عدد ١.

ثامر احمد، سراب (٢٠١٤): حرب المعلومات، ماهيتها – انواعها – مستوياتها، مجلة البحوث القانونية، جامعة ذي قار، المجلد ١، العدد ٩.

حمدانى، حازم (٢٠١٠): الاعلام الحربي والعسكري ، دار اسامه للنشر والتوزيع، عمان.

https://drive.google.com/file/d/view/١qIHJlMnFCzkKc٤RXYdO٦vMhij٠TKJzXD

شاهين، احمد و عبد الحميد، صلاح محمد (٢٠١١): الإعلام الحربي، مؤسسة طيبة للنشر والتوزيع، القاهرة.

شريف، سامح بشير (٢٠١٦): الاعلام الحربي وامن المعلومات، دار امجد للنشر والتوزيع, عمان.

عبد الحميد، محمد (٢٠٠٠): الصحافة العسكرية، دار المعارف، القاهرة، ط٣.

عبدالفتاح، علي (٢٠١٨): الاعلام الحربي والعسكري، دار اليازوري العلمية، عمان. /https://archive.org/details eelam_harbi_askri .

كافي، مصطفى يوسف (٢٠١٦): الاعلام الحربي بين الدعايه والشائعه والحرب النفسيه، دار اسامة للنشر، عمان.

مطر، عبد الله سالم (٢٠٠٩): الاعلام والحرب: دور الاعلام الامريكي في توجيه الحرب (حرب البلقان انموذجا)، المجلة الدولية والسياسية، العدد ١٣، اصدار الجامعة المستنصرية.

ئینگلیزی:

Dennis M. Murphy (2008): New Media and Military Operations, The US Army War College publications. https://publications.armywarcollege.edu/publication/fighting-back-new-media-and-military-operations/

Rikke, Bjerg Jensen (2009): British military media strategies: New wars – new ways , COMMUNICATIVE APPROACHES TO POLITICS AND ETHICS IN EUROPE.

https://scholar.google.com/scholar_lookup?title=British+military+media+strategies%3A+New+wars+%E293+%80%new+ways&author=RB+Jensen&publication_year=2009&pages=8596-

روسیی:

Арно Мерсье, (2005): Война и средства массовой информации: постоянные и переменные величины, 87 НОМЕР ДЕКАБРЬ.

https://cyberleninka.ru/article/n/voyna-i-sredstva-massovoy-informatsii-postoyannye-i-peremennye-velichiny/viewer

В.А. Мельников, (2014): КРИЗИС СИСТЕМЫ ВОЕННЫХ СМИ РОССИИ В СВЯЗИ С РЕФОРМИРОВАНИЕМ ВООРУЖЕННЫХ СИЛ РФ , Серия: Филология. Журналистика, № 1.

http://www.vestnik.vsu.ru/content/phylolog/201401//toc_ru.asp

Лю Лимань, (2021):ВЛИЯНИЕ НОВЫХ МЕДИАНА РАЗВИТИЕ КИТАЙСКИХ ВОЕННЫХ СМИ , 189196- ВЕСТНИК КАБАРДИНО-БАЛКАРСКОГО ГОСУДАРСТВЕННОГО УНИВЕРСИТЕТА.No1

https://vestnik.kbsu.ru/index.php/vkbsu/issue/view/1